# پەیوەندی مەستوورە، نالی و مەولەوی



زامدار ئەحمەد



مەستووره (1804-1848)، تەنیا مێژوونووس نەبوو، بەڵکو شاعیرێکی دیاری سەددەی نۆزده «لە نێو ڕێبازی کلاسیکی» و نوێ، بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی شیعری نووسیوه. کە زیاتر لە بیست هەزار بەیتە شیعری هەیە، بەڵام بەهۆی خراپی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و شەڕی ناوخۆییەوە، نزیکەی هەژده هەزار بەیتە شیعری فەوتاوە. لە ئێستادا تەنیا دوو هەزار بەیتە شیعری لەبەردەستدایه. ئەو دوو هەزار بەیتە شیعره ساڵی (1926) لەلایە میرزا (ئەسەدوڵڵا خانی) کوردستانی، سەرۆکی فەرهەنگی ئەوکاتی سنه، بەناوی «دیوان ماه‌ شرف خانم کردستانی - مستوره» لە تاران چاپ کرا.

مەستووره، کەمتر شیعرەکانی بە زمانی کوردی نووسیوه، بەڵکو زۆربەی شیعرەکانی بە زمانی فارسی نووسیوه، ئەمەش پێوەندی بە بارودۆخی ئەوکاتی ئەردەلانییەکانەوە بووه، چونکە دەسەڵاتدارانی فارسی ئێرانی، بەردەوام هەوڵیانداوه کە تەنیا بە زمانی فارسی قسە بکرێ و بنووسرێ، لەلایەکی ترەوە، زمانی فارسی زمانی ئەدەبیی بووه.

زۆربەی شیعره کوردییەکانی مەستووره فەوتاوه، شیعری «گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەتتانت»یەکێکە لە شیعره کوردییە زۆر بەرچاوەکانی ئەمە قەسیدەکەیەتی.

**گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەتی فەتتانت**
**بریندارم بە نێشینەدۆزی تیری موژگانت**
**بە تاڵی پەرچەمی ئەگریجەکانت غارەتت کردم**
**دڵێکم بوو ئەویشت خستە ناو چاهی زەنەخدانت**
**منیش هاتم بفەرموو بمکوژن بمکەن بە قوربانت**
**تەشەککور واجبە بۆ من ئەگەر بمرم بە زەخمی تۆ**
**بە شەرتێ کفتەکەم بدوری بە تای زوڵفی پەرێشانت**
**لە کوشتن گەردەنت ئازاد دەکەم خۆ بێیتە سەر قەبرم**
**کە ڕۆژی جومعە بم نێژی لەلای حەشر زەحمەتی نادەن**
**ئەگەر وەک من لە ئەم دونیایە سووتابێ لە هیجرانت**
**هەمیشە سوجدەگاهم خاکی بەردەرگانەکەی تۆیە**
**ڕەقیب ڕووڕەش بێ چوون ناڵێ بگا دەستم بە دامانت**
**دڵم مەشکێنە چونکو مەخزەنی دەرد و غەمی تۆیە**
**فیدای شەرت و وەفاکەت چی بەسەر هات مەیلی جارانت**
**ئەتۆ ئەمڕۆ لە مولکی دلبەری دا نادیرەی دەهری**

بە ڕەسمی بەندەگی «مەستووره»وا هاتۆتە دیوانتمەستووره، خاوەنی ئەم قەسیده و دەیان قەسیده و شیعری هاوشێوەیە، کە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا، گرنگی تایبەتی هەیە و پێگە و تێگەی بەرزی هەیە.

**مەستووره و شاعیرانی کلاسیکی:**

مەستووره، کەسایەتییەکی بەرچاو و دیار و ناسراو بوو، پەیوەندی لەگەڵ زۆربەی شاعیره بەتوانا و لێهاتووەکانی سەردەمی خۆی هەبوو، بەتایبەتی نالی و مەولەوی. لێرەدا، پەیوەندی نێوان مەستووره و ڕێبەری شیعری کلاسیکی و مەولەوی دەخەینەڕوو.

نالی1:

نالی، یەکێکە لە شاعیره دیار و ناسراوەکانی کورد، کە لەسەر ڕێبازی کلاسیکی شیعری نووسیوه و شیعرەکانی چێژی تایبەتیان هەیە، تێگەیشتن لە شیعرەکانی سانا نییە، لەبەرئەوە لەلایەن بنەماڵەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە شیکردنە بۆ شیعرەکانی کراوه.

نالی، بە ناونیشانی «مەستووره کە حەسنا و ئەدیبە بە حیسابێ» قەسیدەیەک لەسەر مەستووره دەنووسێ، لەکاتێکدا کە هیچ کامیان ژیانی هاوبەشیان پێک نەهێناوه. ئەمە لەلایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزای نێو ئەدەبی کوردی، خوێندنەوەی جیاواز بۆ ئەو شیعره کراوه، لەوانە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیحی کوڕی، ئەم شیعره جۆرێک لە مەعشووقیەتی نالی بۆ مەستووره نیشاندەدا و گوزارشتە لە نووسینی ناخی خۆی و لەبەرچاو نەگرتنی کولتور و نەریت و تەنانەت ئاینیش، بەشێوەیەک خۆی لە سەرجەم بەربەستەکانی کۆمەڵگە دادەماڵێ.


نالی

**قەسیدەی نالی بۆ مەستوورە!**

**مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ**
**هاتووم وتی عوقدەم هەیە قەت مومکینە وا بێ**
**هیی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەلکەی بەجەوابێ**
**هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ**
**مومکین نییە کەس دەخڵی بکا چین و خەتا بێ**
**ئایینە بە مایینە دەبێ ڕەنگ نوما بێ**
**«مەستوورە» بەمەستوورە دەبێ موهرەگوشا بێ**

لەم شیعرەدا، نالی وای نیشاندەدا، کە مەستوورەی ئەردەلانی بە جوانی و نازدارییەوە هاتۆتە خەوییەوە، بەشێوەیەک قسەی کردووە، کە کێشەی هەیە و پێویستی بە هاوکاری نالییە. لە دێڕی («مەستوورە» بەمەستوورە دەبێ موهرەگوشا بێ) جۆرێک لە ڕۆمانسیەت و حەز و ئارەزووی سێکسی تێدایە، شاعیر بەرانبەر مەستوورە دەری بڕیوە. نالی، لەکۆتایی قەسیدەکەدا، دەڵێ:

**دەعوای ئومەرا چەندە لەسەر تەختی کرابێ**
**چەند خوێن کە ڕژابێت و چ خوێنی نەڕژابێ** 2

لەم دێڕە شیعرەدا، وانیشاندراوە، کە مەستوورە و نالی بەیەکەوە خەوتوون، سێکسیان کردووە، لە کۆتاییدا باسی ڕژانی خوێنی مەستوورە دەکا.

ئەم قەسیدەی نالی، جیاوازە لە شیعرەکانی تری، لەبەرئەوەی لێرەدا زیاتر وێنە ناوەکییەکەی خۆی نیشاندەدا لەوانە (جوانی، ناز، بێ باکی، مەکر، میهرەبانی). ئەڵبەتە لەبەرانبەرئەوەدا مەستوورە وەڵامی نالی دەداتەوە و دەڵێ:

**مەرد ئەو مەردەن بەیۆ وە مەیدان**
**پەلیش بشانۆ بە وێنەی ڕەندان**

واتا

**پیاو ئەو پیاوەیە بێتەوە مەیدان**
**دەست بوەشێنێ وەکو شێران**

وەڵامی مەستوورە بۆ نالی، جۆرێک لە نەریتی پیاوانەی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیانەی کوردی تێدایە، لەبەرئەوەی دەڵێ: دەست بوەشێنێ وەکو شێران.و

**مەولەوی** 3:

مەولەوی، یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی باشووری کوردستان. هاوسەردەمی مەستوورە، ژیاوە. لەنێو ئەو دوو شاعیرە کوردزمانە پەیوەندی هەبووە، تەنانەت شیعریشیان بەسەریەکدیدا وتووە. مەولەوی لە شیعرکدا بەمشێوەیە وەسفی مەستوورە دەکات، دەڵێ:



**خورشیدەکەی نـاز ئەوج بـوج سەور**
**سەر توغرای دەفتەر مەحبووبـان دەور**
**هـانە یـانـەکـەی بـورد شەرەفدا**
**نـوور ئەفشانیـشەن وەهـەر تەرەفدا**

لەڕاستیدا، مەولـەوی و مەسـتوورە یەکتریـان بینیـوە، ئـەو کاتـەی مەولـەوی دەیـەوێ بچێتـە لای مەسـتوورە، مەسـتوورە لە سـەر کۆشـکەکەیەوە مەولـەوی دەبینـی و هەسـت دەکا پیـر بـووە، لەبەرئـەوە، دەڵـێ:

**هـەرکـاتت زانا جـــەم دادە هەمدا**
**باڵاخـانەی جـەم داوە ڕووی جەمـدا**

لەبەرانبـەر ئـەم دێـڕە شـیعرەی مەسـتوورەی ئەردەلانـی، مەولـەوی وەڵام دەداتـەوە و دەڵـێ:

**خاست فەرماوان ئەربابەکەی خەم**
**ساکین نەگۆشەی باڵاخانـەی جەم**

لێـرەدا، بەتوانایـی و لێهاتوویـی مەسـتوورە و مەولـەوی دەردەکـەوێ، کـە بەشـێوەی شـیعر و شـێوە وتنێکـی جـوان وەڵامـی یەکـدی دەدەنـەوە.

نالـی و مەولـەوی و مەسـتوورە، پەیوەندییـان هەبـووە، بەشـێوەیەک پەیوەندییەکەیـان ڕۆچۆتـە نێـو شـیعرەوە، تەنانـەت بـە بـەژن و بـاڵای مەسـتوورەیان هەڵـداوە. بەبـێ گوێدانە کولتـور و داب و نەریتـی کۆمەڵگـەی کـوردی، کـە ئەوسـا بـە قۆناغێکـی دژواردا تێدەپـەڕی.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

پەراوێزەکان:

-1مەلا خدری شاوەیس، ناسراو بە نالی، یەکێکە لە شاعیرە کلاسیکیەکان، بۆچوونی جیاواز سەبارەت بە ساڵی لەدایک بوون و مردنەکەی هەیە، ئەدەب دۆستان و مێژوونووسان ساڵی لەدایك بوونەکەی دەگەڕێننەوە ساڵی (1797) یاخوو (1800)، لە گوندی خاك و خۆڵ لە شارەزوور. لە کۆتایی نیوەی تەمەنی ژیانی دەچێتە شام و لەدواتردا بۆ ئەستەمبوڵ، تاکوو مردنی، تاکوو ئێستا بۆچوونی جیاواز لەسەر ساڵی مردنەکەی هەیە و لە نێوان ساڵانی (1955، 1956، 1963، 1971، 1972)دا هەیە، ئەڵبەتە گۆڕی نالی وونە و دیار نییە.

-2کەسانی ئەدەبی و شارەزا لە شیعر خوێندنەوە و بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەم شیعرە دەڵێن، بەشێکیان بڕوایانوایە، نالی، مەبەستی لەم شیعرە بەرزرکردنەوەی مەستوورە و گەورە و پڕ بایەخ نیشاندانی ئەوە، بەو ئاستەوە نالی دەکەوێتە ململانێ و قسەکردن لەگەڵ مەستوورە، لەبەرانبەردا، بەشێکی تر بڕوایانوایە ئەم شیعرە سووکایەتی کردنە بە مەستوورە و لە پێگەی گەورەیی مەستوورەی داوە، بەتایبەتی لە نیوە دێڕی »مەستوورە بەمەستوورە دەبێ موهرەگوشا بێ« و « هیی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ« کە گوزارشتە لە شکانەوەی مەستوورە وەکوو ژنە ئەدیبێك و وەستانەوەیە لەبەرانبەر دەنگی ژن، ئەمانە و چەندان ڕەخنەی تر.

-3سەیید عەبدوڕڕەحیمی کوڕی مەلا سەعیدی تاوەگۆزیی، ناسراوە بە مەولەوی و لەنێو ئەدەب و شیعر دۆستاندا، نازناوی مەعدومی هەیە، لە ساڵی (1806) یا (1807) لە گوندی سەرشاتەی خواروو لە ناوچەی تاوەگۆز-شەمێران، هاتۆتە دونیاوە، لەماوەی تەمەنیدا چەندین کتێبی بەزمانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوە، شیعرەکانی لەنێو ئەدەبی کوردیدا بەرچاو و دیارە، چەندەها تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، ناوبراو لە ساڵی (1882) یا (1883) لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵیدا، کۆچی دوایی دەکات و لە زێدی خۆی لەگوندی سەرشاتەی خواروو ئەسپەردە دەکرێ.

**سەرچاوەکان:**

-1محەمەدی مەلا کەریم: مەولەوی «ژیان و بەرهەمی» دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2001.

-2مەستوری کوردستانی: مێژووی ئەردەلان، و: د.حسن جاف و شکور مصطفی، چ2، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2005.

-3مەسعوود محەممەد: چەپکێك لە گوڵزاری نالی، چاپخانەی ئاراس، چ 3، هەولێر، 2010.

-4دیوانی نالی: لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم/ محەمەدی مەلا کەریم پێیدا چووەتەوە./ چ3، ساڵی 1386ی ئێرانی.

-5هیوا فریادڕەس: گۆزەی گەوهەر، لێکۆڵینەوە لە (قەسیدەی مەستورە) ی نالی، ب.ش.چ، 2013.

-6فیستیڤاڵی مەستوورەی ئەدەلان: بیرئانینی مەستوورەی ئەردەلان-شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، 2006.

-7مەستوورە: مێژووی ئەردەلان، لێکدانەوە و وەرگێرانی مامۆستا هەژار، انتشارات تازە نگاه، ئیران، 2002.

